Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

# فەرماندەکانی سوپای پاسداران لە هێزەکانی "بەسیج" رازی نین و مانۆڕی سەربازی بەڕێوەدەبەن

بە پێی هەواڵێکی تایبەت بە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە ماوەی حەوتوویەکدا، فەرماندە و بەرپرسانی سوپای پاسداران لە مەریوان 2 کۆبوونەوەیان بە بەشداری ژمارەیەک لە "بەسیج"ییەکانی ناوچەکە گرێداوە. کۆبوونەوەی یەکەم رۆژی هەینی رابردوو 2005/8/26 و کۆبوونەوەی دووهەم رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی2005/9/1 بووە.

لە هەر دوو کۆبوونەوەکەدا، فەرماندە و بەرپرسانی سوپای پاسداران و بەسیجی سوپای پاسداران، گلەیی و ناڕەزایەتیان ئاراستەی بەسیجییەکان کردووە کە هاوکاریی پێویست ناکەن و دام و دەزگا پێوەندیدارەکان لە رووداوەکانی دەڤەرکە ئاگادار ناکەنەوە.

لەم کۆبوونەوانەدا، بڕیاریانداوە کە لە کۆی ئەندامانی بەسیج 500 کەس هەلبژێرن و بە مانگانەی 150/000 تمەن سیخورییان لە سەر گەلی کورد پێبکەن.

لە لایەکی دیکەوە، بەناوی "بەرەنگار بوونەوە بەرانبەر پیلانەکانی دوژمن" بڕیار وایە، رۆژانی 14و15ی خەرمانان لە ناوچەکانی مەریوان و بانە، مانۆڕێکی هێزەکانی سوپای پاسداران و بەسیج، بەڕێوە بچێ. ئەو کۆبوونەوانە بە سەرپەرشتی "عنایەتی" فەرماندەی سوپای پاسدارانی مەریوان و بەشداریی "هیواتاب" بەرپرسی عەمەلیاتی سوپای پاسداران و فەرمانداری مەریوان بەڕێوە چووە.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

13/ خەرمانانی/2705

4 /ئاگۆستی/2005


www.ruk2691.com
www.rukusa.com

کوردستان (ناوەندی) Email: ruk2691@yahoo.com -TEL: 009647504480467

ئەمریکا Email: ruk_usa@yahoo.com -TEL: 202-4923-235, 519-489-0162, 703-286-5389

ئوروپا Email: ruk.europa@betuwe.net - TEL: 0031263252693- Fax: 0031263252157

ئادریس: باشوری کوردستان، هەولێر شەقامی شەست میتری، کۆڵانی19 ، گەڕەکی – 336مامۆستایان، ژمارەی خانوو (7)

TEL:2226682 - Mob: 4480467